هەموو پێغەمبەرێک ئومەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە لە چاوکوێرە درۆزنەکە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو پێغەمبەرێک ئومەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە لە چاوکوێرە درۆزنەکە، ئەو چاوێکی کوێرە، وپەروەردگارتان چاوێکی کوێر نیە، ولە نێوچاوانی نووسراوە ک ف ر».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەموو پێغەمبەرێک خوای گەورە ناردوویەتی ئومەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە لە مەسیحی دەججال؛ چونکە دەیانزانی دەردەچێت وفیتنەکەی چەندێک مەزنە، وهەندێک لە سیفاتەکانی دەججالیان ڕوونکردوەتەوە، لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە چاوێکی کوێرە، وخوای گەورە بەزرترە لەم سیفەتی کەموکورتیە -سبحانه وتعالى-، وهەروەها لە سیفاتەکانی دەججال ئەوەیە نێوان چاوانی نووسراوە ک ف ر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5832